# ژمارەی قوربانیانی لافاو و داڕمانی زەوی لە دوورگەی جاڤای وڵاتی ئیندونوسیا بۆ 21 کەس بەرزبووەوە



ژمارەی قوربانیانی لافاو و داڕمانی زەوی لە دوورگەی جاڤای وڵاتی ئیندونوسیا بۆ 21 کەس بەرزبووەوە

دوای ئەوەی کارمەندانی فریاگوزاری چوار تەرمی دیکەیان دۆزیەوە.

نۆ گوند لە ناوچەی بیکالۆنگان لە پارێزگای جاڤای ناوەڕاستی ئیندونوسیا ژێر ئاو کەوتوون و داڕمانی زەوی بەناو گوندە شاخاوییەکانەوە.

لافاوەکە بووە هۆی ڕووخان و کەوتنەوەی 25 خانوو و بەنداوێک و سێ پردی سەرەکی کە گوندەکانی بیکالۆنگان بەیەکەوە دەبەستنەوە.

بەلایەنی کەمەوە 13 کەس بەهۆی لافاوەوە بریندار بوون و نزیکەی 300 کەس ناچار بوون بەرەو پەناگە کاتییەکان بڕۆن، بەهۆی ئەوەی لافاوەکە گەیشتە ماڵ و گوند و شوێنی نیشتەجێبوونیان.

هەوڵەکانی گەڕان و ڕزگارکردن بەهۆی کەشوهەوای خراپ و خلیسکانی قوڕ و ناوچە سەختەکانەوە، هەروەها بەهۆی بارانبارینی بەخوڕ و تەمێکی زۆرەوە وەستێنران.